بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (22) ساڵی 2008

## بڕیاری ژمارە (3)ی ساڵی 2008

بە پێی بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (2) لە 15 /9/2008 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (3)ی ساڵی 2008

**یەکەم:** ڕۆژی 1988/3/16 ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەیە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری لە ناو چوو.

**دووەم:** ڕۆژی کۆچی دوایی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕۆژی 1988/3/16و دواترە، هەریەك بەپێی بەڵگەنامەی کۆچی دوایی، نەك لە 1988/3/13 هەروەك ڕژێمی لە ناوچوو هەوڵی داوە بیچەسپێنێت.

**سێیەم:** حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو مامەڵەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت.

چوارەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

پێنجەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم بریارە.

شەشەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

ئەم بریارە لە3ی رەزبەری 2708ی کوردی بەرامبەر25ی رەمەزانی 1429ی کۆچی و بەرامبەر 25ی ئەیلولی 2008ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .

## هۆیە پێویستکارەکان

سەبارەت بە ڕوودانی هەندێ کێشەی یاسایی لە کاتی پیادە کردنی یاساکەو سەبارەت بەوەی کە ڕژێمی لە ناوچوو رۆژی 3/13ی داناوە بە ڕۆژی کۆچی دوایی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەکەوە بۆ شێواندنی مێژوو و چاوپۆشین لەو تاوانەی کە لەلایەنییەوە ئەنجامدراوە و بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە بارەی مێژووی راستەقینەی ئەو تاوانەی ئەنجامدراوە ئەم بڕیارە دەرچوینرا.